گــــــۆڤـــــاری زانـــــکـــۆی ڕاپـــــەڕیـــــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/3y643904

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 11/07/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن 15/09/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە 20/06/2026

# زمانی جەستە وەک هاریکاریی زمان لە پرۆسەی فێربون و فێرکردندا (قۆناغی بنەڕەتی بەنمونە)

**شێرزاد عبدالکریم قادر[١]- نەوزاد ئەنوەر عومەر[٢]**
Sherzadrania0@gmail.com nawzad.anwer@koyauniversity.org
[١+٢].بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە جەخت دەکاتەوە لە سەر گرنگی زمانی جەستە و پەیوەندیی نازارەکی لە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەدا، بەتایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا. زمانی جەستە، وەک دەربڕینی دەموچاو، بەرکەوتنی چاو، دۆخی جەستە و جوڵەی دەست و پێ، ڕۆڵێکی گرنگیان لە گەیاندنی هەست و بیرۆکە و مەبەستەکاندا هەیە. توێژینەوەکان نیشاندەدەن کە نزیکەی ٥٠-٧٠%ی پەیوەندییەکان لەڕێگەی زمانی جەستەوە ئەنجامدەدرێت، کە ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر بەشداریکردن و تێگەیشتنی قوتابییان هەیە.

زمانی جەستە یارمەتی مامۆستایان دەدات بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی فێرکاری ئەرێنی، زیادکردنی متمانە و پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی، و بەڕێوەبردنی پۆل بەشێوەیەکی کاریگەر. بەکارهێنانی ئاماژە نازارەکییەکان و دۆخی جەستەی گونجاو، دەتوانێت سەرنجی قوتابییان ڕابکێشێت، تێگەیشتن باشتر بکات و فێربون پەرەپێبدات. هەروەها، مامۆستایان پێویستە ئاگادار بن لە جیاوازییە کەلتورییەکان لە زمانی جەستەدا، بۆ ئەوەی تێنەگەیشتن و هەڵەی پەیوەندی بپارێزن.

زمانی جەستە، ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە سەرکەوتنی پەروەردە و گەشەپێدانی کەسایەتی قوتابییاندا دەگێڕێت. بەشێوەیەکی بەرچاو یارمەتی دروستکردنی پەیوەندی، بەشداریکردن و تێگەیشتنی قوتابییان دەدات، بەشێوەیەکی تایبەتی لە فێرکردنی زمان و پەروەردەدا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە. بۆیە مامۆستایان پێویستە بەشێوەیەکی ئەرێنی و هۆشیار زمانی جەستە بەکاربهێنن بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی فێرکاری سەرکەوتو و بەهێز.

**کلیلەوشەکان:** زمانی جەستە، فێربون و فێرکردن، پەیوەندیی کاریگەر، ڕاهێنانی مامۆستایان.

# Body Language as a Teaching and Learning Aid in the Educational Process (Primary Stage as an Example)

**SHERZAD ABDALKARIM QADIR[1] - Nawzad Anwar Omar[2]**

[1+2]Kurdish Department – Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract

This study focuses on paying attention to body language, mime, and nonverbal communication in the teaching and educational process, specifically in the primary stage. Facial expressions, eye contact, body posture, hand and foot movements, and body language are an essential part of conveying emotions, ideas, and intentions. Approximately 50-70 percent of communication is conveyed through body language, which is highly influential in terms of student involvement and understanding.

Body language can help the teacher create a positive classroom environment, foster confidence and a strong teacher-student relationship, and help maintain classroom control within limits. Proper nonverbal messages and body language will help in capturing the interest of students, understanding them better, and learn more. Moreover, educators should know how to compromise their cultural differences in body language to prevent misunderstanding and communication failure.

Lastly, the research suggests the conscious usage of body language in the teaching process, which is clearly essential in the process of success and shaping individuals in their learning process. Body language is very effective in establishing relationships, student engagement, and understanding, and this plays a significant role when it comes to teaching a language and education in general. As such, educators should apply body language in a positive conscious manner in order to develop an effective and healthy learning environment.

**Keywords**: Body language, learning and teaching, effective communication, teacher training.

**پێشەکی**

**١-٠) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە** ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە شیکردنەوەی (ڕۆڵی زمانی جەستە وەک هاریکاریی زمان لە فێربون و فێرکردندا، بەتایبەت لە (قۆناغی بنەڕەتی)دا و کاریگەرییەکانی لەسەر باشترکردنی تێگەیشتن و پەیوەندی مامۆستا و قوتابی لە چوارچێوەی زانستی پەروەردە و دەرونزانیی پەروەردەییدا.

**٢-٠) هۆی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە** زمانی جەستە بەشێکی گرنگی پەیوەندیگرتنە لە پەروەردەدا. کەمی لێکۆڵینەوەی زانستی لەم بوارە بە زمانی کوردی و کەمی تێگەیشتنی مامۆستایان لە گرنگی زمانی جەستە، بۆشاییەکی دیاریکردوە کە پێویستی بە پڕکردنەوە هەیە، بۆ باشترکردنی پرۆسەی فێرکردن لە قۆناغی بنەڕەتی.

**٣-٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە** ڕێکاری سەرەکی بریتییە لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی تایبەت و ئامادەکردنی سیمینار و ڕاهێنانی مامۆستایان لە قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتن لە شێوازی بەکارهێنانی زمانی جەستە لە پرۆسەی فێرکردندا. ئەم هەوڵانە وەک کەرەستەیەکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری پێویست بەکاردێت.

**٤-٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە** لێکۆڵینەوەکە پشت بە ڕێبازی وەسفیی شیکاریی دەبەستێت، کە تێیدا شیکردنەوەی چۆنییەتی و چەندیەتی بەکارهێنانی زمانی جەستە لە پرۆسەی فێرکردندا دەکرێت.

**٥-٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە**گرفتی سەرەکی لە دۆزینەوە و شیکردنەوەی ئەو ئاستەنگانەدایە کە ڕوبەڕوی بەکارهێنانی زمانی جەستە دەبنەوە لە پرۆسەی فێرکردندا، هەروەها دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر کاریگەری زمانی جەستە لە پێگەیاندنی قوتابییاندا هەیە.

**٦-٠) گرنگی لێکۆڵینەوەکە**گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە تیشکخستنە سەر ڕۆڵی گرنگی زمانی جەستە لە پرۆسەی فێربون و فێرکردندا، بەتایبەت لە قۆناغی بنەڕەتی، و دەرخستنی کاریگەریی ئەمجۆرە پەیوەندیگرتنە لەسەر تێگەیشتن و فێربونی قوتابییان و باشترکردنی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی.

**بەشی یەکەم**

**١/١) گرنگیی زمان لە ژیانی مرۆڤایەتیدا**

زمان بەردی بناغەی ژیانی مرۆڤە و وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ پەیوەندیگرتن، دەربڕین و ناسنامەی کەلتوری خزمەت دەکات. گرنگیی زمان لە ژیانی مرۆڤدا لە چەندین ڕەهەندەوە دەردەکەوێت.

**١/١-١) پەیوەندیگرتن**

زمان ئامرازی سەرەکییە بۆ هاوبەشکردنی بیرکردنەوە و بیرۆکەکان، کە لەڕێگەی پەیوەندیگرتن، کارلێک و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دروستدەکات. وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، زمان لەڕێگەی دەربڕینە هونەرییەکانەوە ڕۆڵێکی گرنگی لە داکۆکیکردن لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا هەبوە (Jeon, 2023, 1053). پەیوەندیگرتنی زمانی بە دەنگ یان نوسین ئەنجامدەدرێت و پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە تیایدا کەلتور، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مەبەستی قسەکەر ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

**١/١-٢) ناسنامەی کەلتوریی**

زمان توخمێکی سەرەکیی میراتی کەلتوری و شوناسە کە ڕەنگدانەوەی مێژو، نەریت و بەهاکانی کۆمەڵگەیە. پارەتیی پاراستن و گواستنەوەی زانیاریی کەلتوریی لەنێوان نەوەکاندا دەدات و بەشداری لە دروستکردنی هەستێکی هاوبەشی سەربەخۆیی دەکات. پەرەپێدانی ناسنامەی کەلتوریی لەنێوان مامۆستایاندا سروشتی بزواوی پێکهاتنی ناسنامە لە چوارچێوەی پەروەردەییدا دەرەخسێنێت (Meihami & Rashidi, 2020, 3101)

**١/١-٣) پەروەردە و مەعریفە**

زمان پێداویستییەکی سەرەکییە لە بەدەستهێنان و بڵاوکردنەوەی زانستدا و ئەو ئامرازەیە کە لەڕێگەیەوە پەروەردە پێشکەش دەکرێت. شارەزایی لە لێهاتویی زمانەوانییدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەرکەوتنی ئەکادیمیەوە هەیە، چونکە ڕێگە بە قوتابییان دەدات بەشێوەیەکی کاریگەر لە چەمکە ئاڵۆزەکان تێبگەن (Shuxratovna, 2024, 13).

### ٤-١/١) گەشەپێدانی مەعریفی

زمان شێوازی بیرکردنەوە و هەستکردنمان بە جیهان دیاریدەکات و کاریگەریی لەسەر چارەسەرکردنی کێشە، بڕیاردان و بیرەوەری هەیە. توێژینەوەکان دەریانخستوە کە فرەزمانی شلگەیی مەعریفی، داهێنان و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان بەرز دەکاتەوە. گەشەی زمانی هەر منداڵێک پەیوەندییەکی نزیک بە توانا و تایبەتمەندییەکانی گەشەکردنی مەعریفی منداڵان لە تەمەنێکی بچوکدا هەیە (Sulastri, 2023, 120-121). زمان ڕۆڵێکی چارەنوسساز دەگێڕێت، لە دەربڕین و پرۆسێسکردنی سۆزدارییدا و پشتگیری لە چەمکسازی و دەربڕینی هەستەکان دەکات (Foolen, 2012, 349).

### ٥-١/١) یەکگرتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی

سیاسەتی زمان ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستکردن و پاراستنی پێگە و بۆشایی کۆمەڵایەتی زمانەکان لەکۆمەڵگادا هەیە. دەرەنجامەکان پیشانیدەدەن کە یەکگرتن لە ڕێگەی فێربونی زمانەوە وەک خاڵێکی گرنگ بۆ هاووڵاتیبونی چالاک و پاراستنی یەکگرتویی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. نەبونی شارەزایی لە زمانەکاندا وەک بەربەستێکی گەورە بۆ یەکگرتن و یەکگرتویی کۆمەڵایەتی دادەنرێت( Pundziuvienė et al., 2020; Ali & Ready, 2021, 24). زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ پەیوەندیگرتن، بەڵکو ڕەهەندێکی گرنگە بۆ گەشەسەندنی مرۆڤ، پاراستنی کەلتوری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

### ٢/١) جۆرەکانی پەیوەندیگرتن

پەیوەندیگرتن بە گشتی دابەش دەبێت بۆ دو جۆری سەرەکی. یەکەمیان پەیوەندیگرتنی زارەکی یان Verbal) (Communicationە کە بریتییە لە بەکارهێنانی وشە و دەنگ بۆ گەیاندنی پەیام و لەخۆدەگرێت قسەکردن، گوێگرتن، خوێندنەوە و نوسین. دوەمیشیان پەیوەندیگرتنی نازارەکی یان(Non-Verbal Communication) ە کە خۆی چەندین لقی جیاواز لەخۆدەگرێت. گرنگترین بەشی پەیوەندیگرتنی نازارەکی، زمانی جەستەیە کە پێکهاتوە لە جوڵەی دەست و قاچ، دەربڕینی ڕوخسار و هەڵسوکەوتی جەستەیی. هەروەها جۆرەکانی دیکەی پەیوەندیگرتنی نازارەکی بریتین لە بەکارهێنانی شوێن و کات، دەنگی ناوەکی و چاودێری کە هەمویان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە پرۆسەی پەیوەندیگرتندا. (حمەکەریم، ٢٠٢٣، ١١-١٣)

ئەم پۆلێنکردنەوەیە بنەمایەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆزی و فرەڕەنگی پەیوەندیگرتنی مرۆڤایەتی، بەتایبەتی لە کۆنتێکستی کەلتوری و زمانی کوردیدا.

### ١-٢/١) پەیوەندیی نازارەکی و زمانی جەستە

پەیوەندیی نازارەکی بریتییە لە گەیاندنی پەیام بەبێ وشە، کە لەڕێگەی دەربڕینی ڕوخسار، تۆنی دەنگ و هەڵوێستی جەستەوە دەردەکەوێت. بەپێی (Mehrabian, 1981)، نزیکەی ٪٧٠ی واتای پەیامەکان لەڕێگەی پەیوەندی نازارەکییەوە دەگوازرێتەوە، هەروەها زمانی جەستە وەکو تەواوکەری گرنگی پەیوەندی قسەیی کار دەکات، کە کاریگەرییان زیاترە لە وشە دەربڕاوەکان (شفیق، 2012).

پەیوەندیی نازارەکی زۆرجار لە وشەکان ڕاستگۆترە، چونکە کۆنترۆڵکردنی زەحمەترە، هەروەها کاریگەریی پەیوەندی نازارەکی لە کاتی دەربڕینی هەستەکاندا لە وشەکان بەهێزترە. توێژینەوە نوێیەکان دەریانخستوە کە بەکارهێنانی ئاماژە بینراوەکان تێگەیشتن لە قسەکردن لە ٪٢٣ەوە بۆ ٪٦٥ بەرز دەکاتەوە، کەواتە پەیوەندیگرتن پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فرە-ڕەهەندە کە بنەمایەکی گرنگی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت.

### ٢-٢/١) پەیوەندی نێوان زمانی نوسین و پەیوەندی نازارەکی

پەیوەندی نێوان زمانی نوسین و پەیوەندی نازارەکی لە چەندین ڕووەوە دەردەکەوێت، چونکە هەردووکیان یەکتری تەواو دەکەن و واتای سەرەکی دەکەن. پەیوەندیی نازارەکی زۆرجار ڕاستگۆترە لە وشەکان، چونکە کۆنترۆڵکردنی زەحمەترە،

هەروەها کاریگەری پەیوەندی نازارەکی لە کاتی دەربڕینی هەستەکاندا لە وشەکان بەهێزترە. بەپێی مێهرابیان (١٩٧٢)، ٧٠٪ی زانیارییەکان لەپەیوەندیگرتندا لەڕێگەی ئاماژە نازارەکییەکانەوە دەگوازرێنەوە، کەواتە پەیوەندیگرتن پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فرە-ڕەهەندە کە بنەمایەکی گرنگی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت.

**٣-٢/١) پەیوەندیی نێوان زمانی جەستە، دەروونناسی و مرۆڤناسی**

پەیوەندیی نێوان زمانی جەستە، دەروونناسی و مرۆڤناسی پەیوەندییەکی فرەڕەهەندە کە جەخت لەسەر گرنگی پەیوەندیی نازارەکی دەکاتەوە. پەیوەندیی نازارەکی، کە ئاماژەکان، دەربڕینی دەموچاو و دۆخی جەستەیی لەخۆدەگرێت، ڕەگێکی قوڵی لە هەردو بواری دەرونی و مرۆڤناسیدا هەیە و دەریدەخات کە چۆن چوارچێوە کۆمەڵایەتی-کەلتورییەکان ڕەفتاری مرۆڤ و دەربڕینی سۆزداری لە قاڵب دەدەن (Pereiro, 2019, 2). زمانی جەستە لە پەیوەندییە فرەکەلتورییەکاندا ڕۆڵی گرنگ هەیە (Natyavidushi, 2011, 102).

مرۆڤەکان سەرەڕای بەکارهێنانی زمانی زارەکی، بەشێوەیەکی بەرچاو پشت بە پەیوەندیی نازارەکیش دەبەستن، کە "پرۆسەی پەیوەندیگرتن لەڕێگەی ناردن و وەرگرتنی پەیامی بێ وشە" پێناسە دەکرێت و لەڕێگەی ئاماژە، دەستلێدان، دۆخی جەستە و دەربڕینی دەموچاوەوە دەردەبڕدرێت (Natyavidushi, 2011, 103). زمانی جەستە، وەک یەکێک لە گرنگترین سیستەمەکانی پەیوەندیی نازارەکی، ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە دروستکردنی تێگەیشتنی قوڵ لەنێوان مرۆڤەکاندا دەگێڕێت.

**٤-٢/١) پەیوەندیی زمانی جەستە بە دەروونناسییەوە**

زمانی جەستە وەک دەرخەری ڕاستەقینەی هەستە ناوەکییەکان، ڕۆڵێکی سەرەکی لە هەڵسەنگاندنی باری دەرونیدا دەگێڕێت. مرۆڤ ئەو هەستانەی ناتوانێت بە وشە دەریبڕێت، زۆرجار لەڕێگەی جوڵە و ڕەفتارەوە دەردەکەوێت (Han, 2022). دەربڕینی جەستەیی خێراتر و ڕاستەوخۆترە لە زمانی زارەکی، بەتایبەت لە نیشاندانی هەستە ئاڵۆزەکاندا (Meier-Faust, 2006). هەروەها ناتەبایی نێوان دەربڕینی زارەکی و جەستەیی دەکرێت نیشانەی دڵەڕاوکێ، فێڵبازی یان نادڵنیایی بێت، کە وا لە وەرگر دەکات قسەکەر بە متمانەپێنەکراو بناسێنێت. پەیوەندیی نێوان دەروونناسی و پەیوەندی نازارەکی زۆر گرنگە لە تێگەیشتن لە ڕەفتاری مرۆڤدا، چونکە زۆرجار ئاماژە نازارەکییەکان هەست و حاڵەتە دەرونییەکان دەردەبڕن کە ڕەنگە وشەکان نەتوانن دەریببڕن.

**٥-٢/١) کاریگەریی زمانی جەستە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان**

زمانی جەستە ڕۆڵێکی سەرەکی لە پەرەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگێڕێت. ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆ هەستەکان (وەک خۆشی یان ناخۆشی) لەڕێگەی جوڵە دیاریکراوەکانەوە دەگوازێتەوە، هەروەها دوری نێوان کەسەکان و هاوسەنگی جوڵە کاریگەریی لەسەر لێکدانەوەی ئەم هەستانە دەبێت. لە ژینگەی کاردا، بەکارهێنانی کاریگەریی زمانی جەستە پەیوەندییە نێوان کەسییە ئەرێنییەکان دروستدەکات و بەرهەمهێنان باشتر دەکات. جیاکارییەکی گرنگ ئەوەیە کە زمانی جەستە بە ڕاستگۆتر لە زمانی زارەکی دادەنرێت، تەنانەت لە بارودۆخە ئاڵۆزەکانی فریودانیشدا دەتوانێت ڕاستی هەستەکان ئاشکرا بکات. لە بنەڕەتدا، ئەم سیستەمە تەنیا کۆمەڵێک ئاماژە نییە، بەڵکو سیستەمێکی ئاڵۆزی کەلتوری-کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندییە مرۆییەکان دروستدەکات (Keck et al., 2022; Han, 2022; Mora, 2007).

**٣/١) زمانی جەستە وەک تەواوکەرێکی گرنگی پەیوەندیی زارەکی کار دەکات**

زمانی جەستە (Body Language) بەشێوەیەکی بنەڕەتی ڕۆڵێکی گرنگ لە پەیوەندیی زارەکی و نازارەکیدا دەگێڕێت، چونکە ئاماژە جەستەییەکان وەک دەربڕینی دەموچاو، جوڵەی دەست و قۆڵ، تۆنی دەنگ و خێرایی قسەکردن یارمەتی ڕونکردنەوەی مەبەست و ئاسانکردنی تێگەیشتن دەدەن (Bouhadiba Zoulikha, 2012, 49-50). ئەمانە لە چوارچێوەی کەلتوری جیاوازدا کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە و دەتوانن متمانە و پەیوەندی قوڵتر دروستبکەن. لە ژینگەی کاردا، زمانی جەستەی کراوە و قۆڵی نەبڕاوە، "واتا، هەڵوێستی جەستەیی ئارام و کراوە، کە تێیدا قۆڵەکان بڕدراونین، هەستی دڵنیایی و متمانە بەرانبەر دروستدەکات و پەیوەندییەکان بەهێزتر دەکات (Srivastava, 2022,

73؛ Thomas et al., 2009, 287). ئەمشێوازە بەتایبەتی له بواری میوانداری و پزیشکی، یارمەتی دروستکردنی متمانە و هاوبەشکردنی پەیوەندی نێوان فەرمانبەر و کڕیار یان نەخۆش دەدات، و هەردو شێوازی پەیوەندیی (زارەکی و نازارەکی) پێکەوە کار دەکەن بۆ بنیاتنانی متمانەیەکی بەهێز (Brown et al., 2011, 280). هەروەها زمانی جەستە لە پەیوەندییە نەستی و وارسکەییەکاندا گرنگە، چونکە بەشێوەیەکی بایۆلۆژیکی و لە سیستەمی مێشک و هەستەکاندا ڕەگ و ڕیشەی هەیە، هەمو بەشەکانی جەستە لە گەیاندنی پەیام بەشداریدەکەن. "ئاماژە نازارەکییەکان بە گشتی، وەک جوڵەی جەستە، دەموچاو، دۆخی لەش و تۆنی دەنگ، کەمتر لەژێر کۆنترۆڵی هۆشیارانەی مرۆڤدان، و بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و نەستی کاریگەرییان هەیە و هەستی ڕاستەقینە دەگەیەنن ".(Allwood, 2002, 10) بەهۆی ئەمە، خەڵک زۆرجار متمانەی زیاتر بە ئاماژە نازارەکییەکان دەکەن، چونکە دەربڕی هەستی ڕاستەقینەکانیان زۆرترە و کەمتر ژێر کاریگەری ساختەکاری دەبن (Pozeg et al., 2014,:7). لە کۆتاییدا، زمانی جەستە بنەمایە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی و بنیاتنانی متمانە لە هەمو چوارچێوەیەکدا، و ڕۆڵێکی چارەنوسساز لە تێگەیشتن و هاوبەشکردنی هەست و هەڵوێستەکاندا دەگێڕێت.

## ٤/١) تایبەتمەندییەکانی زمانی جەستە

زمانی جەستە (Body Language) بەشێوەیەکی نازارەکی هەست، هەڵوێست و مەبەست بەبێ وشە دەگەیەنێت، و توانایەکی تایبەتی لە دەربڕینی هەستەکان وەک خۆشی، توڕەیی، خەم و ترس لەڕێگەی دەموچاو و تۆنی دەنگدا هەیە. (Hassanies, 2023, 58). ئەم زمانە بەشێوەیەکی گەورە پەیوەستە بە کۆنتێکست و کەلتور، بەهۆی ئەوەی مانای ئاماژە جەستەییەکان لە کەلتورە جیاوازەکاندا دەتوانێت جیاواز بێت (Natyavidushi, 2011, 102). زۆرجار زمانی جەستە بەشێوەی ئۆتۆماتیکی و بە نائاگایی دروستدەبێت، کە ئەمەش وا دەکات لە هەندێک حاڵەتدا لە وشەکان ڕاستگۆتر بێت، چونکە مرۆڤ بەبێ مەبەست هەستە ڕاستەقینەکانی خۆی ئاشکرا دەکات (Hassanies, 2023, 58). هەروەها، زمانی جەستە دەتوانێت یارمەتی بەهێزکردنی پەیامە زارەکییەکان بدات یان لەوانەیە دژایەتیان بکات، و ئەمەش ناتەبایی نێوان وشە و ئاماژەی جەستەیی دەردەخات. (Natyavidushi, 2011, 102).

### ١-٤/١) جیهانیبونی زمانی جەستە

زمانی جەستە وەک زمانێکی گشتگیر، ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاسانکردنی پەیوەندیی کاریگەر لە سەرانسەری کەلتورە جیاوازەکاندا دەگێڕێت. ئاماژەکان و دەربڕینی دەموچاو و دۆخی جەستەیی، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە زمانێکی هاوبەشی قسەکردن نییە، بەربەستە زارەکییەکان تێدەپەڕێنن و بەشێوەیەکی گشتگیر کاردەکەن. هەندێک ئاماژە و دەربڕین وەک پێکەنین یان گرژکردنی برۆکان لە هەمو جیهاندا هاوبەشن و دەبن بە ئامرازێکی کاریگەر لە ژینگە فێرکارییە جۆراوجۆرەکاندا. جیهانیبونی زمانی جەستە دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە لە پەیوەندیی مرۆڤایەتیدا، بەهۆی ئەوەی هەندێک دەربڕینی ڕوخساری هەستەکان وەک دڵخۆشی، دڵتەنگی، ترس و توڕەیی، بەشێوەی گشتگیر لە هەمو کەلتورەکاندا ناسراون و پشتگیری لە گریمانە گشتگیرەکەی دەربڕینی سۆزداریی دەکات. هەروەها، هەندێک هەست و هەڵوێست سنورە کەلتورییەکان تێدەپەڕێنن و بەشێوەیەکی هاوبەش لە جیهاندا دەردەبڕدرێن (Natyavidushi, 2011؛ Srinivasan & Martinez, 2021, 13-14).

### ١-١-٤/١) خێرایی و خۆڕسکی

زمانی جەستە خێرا و خۆڕسکە، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هەست و سۆزی مرۆڤەوە هەیە و زۆرجار بەبێ بیرکردنەوە و پلانی پێشوەخت دەردەبڕدرێت. ئاماژەکان خێراتر لە وشە دەگەن بە بەرانبەر و کاریگەرییەکی بەهێزتری لەچاو دەربڕینە زارەکییەکاندا هەیە. ئەمەش وایکردوە زمانی جەستە ببێتە یەکێک لە کاریگەرترین شێوازەکانی پەیوەندیگرتن. خێرایی و خۆبەخۆبونی زمانی جەستە ڕۆڵی گرنگ لە کارلێک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگێڕێت و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دەربڕین و لێکدانەوەی هەستەکان هەیە (Carlson et al., 2007, 33-34).

### ٢-١-٤/١) تەواوکاریی لەگەڵ زمانی قسەکردندا

زمانی جەستە وەک تەواوکەری زمانی قسەکردن کاردەکات و بە پێشکەشکردنی ئاماژە نازارەکییەکان کاریگەری پەیامەکان بەرز دەکاتەوە. ئاماژەکان، دەربڕینی دەموچاو و دۆخی جەستە ڕۆڵی گرنگ لە کارلێکەکانی نێوان کەسەکاندا دەگێڕن و ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن و دەربڕینی سۆزداری لەکاتی قسەکردندا دەکات. پێکەوە سیستەمێکی یەکگرتوی پەیوەندیی پێکدێنن کە یارمەتی فێربونی کاریگەرتر دەدات. (Stefani & Marco, ;Liu et al, 2023, 1 2019, 1

**٣) توانای گەیاندنی هەستەکان**

زمانی جەستە ڕۆڵێکی گرنگ لە گەیاندنی هەستەکاندا دەگێڕێت، بەهۆی ئاماژەی نازارەکی کە بارە سۆزدارییەکان دەگەیەنن و تێگەیشتن ئاسان دەکەن. جوڵەکانی جەستە و دۆخی جەستەیی کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر تێگەیشتن لە هەندێک هەستی وەک تورەیی، خەم و دڵخۆشی هەیە. بەمەش دەبنە بە ئامرازێکی کاریگەر بۆ مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکان و هاندانیان، چونکە هەستەکان بەشێکی گرنگن لە پرۆسەی فێربون و ڕێکخستنی سۆزداریی بەشداریکردن و پەیوەندیی بەرز دەکاتەوە (Neve et al., 2022, p.275 ؛Keck et al., 2022, p.1).

**٤/١-١-٤) توانای ئاراستەکردنی سەرنج**

زمانی جەستە یارمەتی ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر دەدات. ئاماژەکان دەتوانن سەرنجی قوتابییەکان لەسەر بابەتی باسکراو چڕ بکەنەوە. بەرکەوتنی چاو، لەگەڵ جوڵەی دەست و جەستە، ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕاکێشان و ئاراستەکردنی سەرنجی قوتابییان لە چالاکییە پەروەردەییەکاندا دەگێڕێت. پەیوەندیی چاو و جوڵەی دەست و جەستە ڕۆڵی گرنگی لە ڕاکێشانی سەرنج و بەشداریکردنی قوتابییان هەیە و دەتوانێت زانیاری بەسود دەربارەی ئاستی سەرنج و بەشداری قوتابی پێشکەش بکات، (Raca et al., 2015, 320 ؛Wang et al., 2011, 3-4).

**٤/١-١-٥) کاریگەریی کەلتوری**

کەلتور کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر چۆنییەتی هەستکردن و لێکدانەوەی زمانی جەستە هەیە. هەندێک ئاماژەی نازارەکی وەک دەربڕینی دەموچاو و ئاماژەکان لە هەموو کەلتورێکدا مانای گشتییان هەیە، بەڵام زۆرێک لە ئاماژەکان تایبەتی کەلتورێکن و واتایان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دەگۆڕێت. بۆ نمونە، ڕاستەوخۆ چاو بڕینە چاوی کەسێکی گەورەتر لە هەندێک کەلتوردا نیشانەی بێڕێزییە، بەڵام لە کەلتوری تردا نیشانەی سەرنجدانە. بۆیە مامۆستایان دەبێت ئاگاداری ئەم جیاوازییە کەلتورییانە بن و لە پەروەردەدا زانیاری و لێهاتویی فرەکەلتوریی پەرەپێبدەن، چونکە ئەمە یەکێکە لە هۆکاری سەرکەوتنی بەرنامەکانی پەروەردەی فرەکەلتوریی. Ren & Zhi-peng, 2014, 1030; Yıldırım & Tezci, 2020, (15-16).

**٤/١-١-٦) بزواویی و گونجاندن**

پەیوەندیی ناتەواو و زمانی جەستە سروشتی بزواوی و شلگەیی هەیە و پێویستی بە گونجاندنە بەپێی تایبەتمەندییە جیاوازەکانی قوتابییان، نۆرمە کەلتورییەکان و حەزە کەسییەکان هەیە (Carrard, 2021, 13). ئەمە ڕێگە دەدات مامۆستایان جوڵە و دەربڕینەکان بەپێی دۆخی قوتابییەکان بگونجێنن، بۆ نمونە کاتێک هەست دەکرێت قوتابییەکان ماندون یان پێویستیان بە هاندان هەیە. بەکارهێنانی پرۆکسێمیکس (Proxemics) . چۆنییەتی بەکارهێنانی شوێن . کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هەستی ئاسودەیی و بەشداریکردنی قوتابی و مامۆستا هەیە ( Podkowińska, 2018, 79).

**٤/١-١-٧) ئاسانی دەستپێداگەیشتنەوە و کاریگەریی**

ئاماژە و دەربڕینی ڕوخسار بە بەراورد لەگەڵ وشەکان ئاسانتر لە بیر دەمێنن و یارمەتی باشترکردنی تێگەیشتنی قوتابییەکان دەدەن لە فێرکاریی. پەیوەندیی نێوان ئاسانکاری لە بیرکردن، کاریگەریی ئاماژەکان و دەربڕینی دەموچاو بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی لەسەر دەرئەنجامی فێرکردن هەیە، بەتایبەتی لە پەروەردەی ئۆنلایندا. تێکەڵکردنی ئاماژە جەستەیی و ڕوخسارییەکان لەگەڵ فێرکاری زارەکی لە وانە ڤیدیۆییەکاندا ئاسانکاری بۆ فێربونی باشتر دەکات (Zhang & Yu, 2023, 1). هەروەها، دەستبەجێیی نازارەکی بەرز و بەکارهێنانی تەکنیکە پێشکەوتوەکانی بینینی کۆمپیوتەر ڕۆڵی گرنگی لە

شیکردنەوەی ئەم ڕەفتارانە و بەرزکردنەوەی کاریگەریی فێرکردن هەیە ( Frenkel et al., 2024; Wang et al., 2024, 1193). بە گشتی، مێشکی مرۆڤ باشتر وێنە و جوڵە لە بیر دەمێنێت لەچاو وشە، بۆیە بەکارهێنانی زمانی جەستە بۆ ڕونکردنەوەی چەمک یارمەتی باشترکردنی فێرکردن دەدات، بەتایبەتی بۆ قوتابییانی بینراو.

**٢-٤/١) هێز و ڕاستگۆیی زمانی جەستە.**

**١-٢-٤/١) زمانی جەستە وەک ئامرازێکی ڕاستگۆیانە بۆ دەربڕین**

"زمانی جەستە ڕۆڵی بنەڕەتی لە دروستکردنی هاوسۆزی نێوان مامۆستا و قوتابی بۆ دەربڕین دەگێڕێت."چونکە نیشانە نازارەکییەکان وەک دەربڕینی دەموچاو و دۆخی جەستە هەست و مەبەستەکان ڕاستەوخۆ دەگەیەنن. ئەم نیشانانە زۆرجار متمانەپێکراوترن لە وشەکان، بەتایبەتی کاتێک ناتەبایی نێوان ئەو دوانە هەبێت (Hassanies, 2023, 61)). مرۆڤ دەتوانێت قسەکانی کۆنترۆڵ بکات، بەڵام زمانی جەستە زۆرجار ئاشکرای دەکات چی دەشارێتەوە. یەکخستنی زمانی جەستە لە پەیوەندیگرتندا گرنگە بۆ تێگەیشتن لە هەست و سۆزەکان، بەتایبەتی لە بواری وەک پەروەردە و تەندروستی دەروونیدا (Sánchez et al., 2015, 19). زمانی جەستە دەتوانێت تەواوکەری پەیوەندیی زارەکی بێت یان دژایەتی بکات و حاڵەت و مەبەستە سۆزدارییە قوڵەکان ئاشکرا بکات، کە ڕەنگە بە ڕونی وشەکان نەبێت ( Liu et al., 2023, P.4).

**٢-٢-٤/١) جیاوازی نێوان وشەکان و زمانی جەستە**

وشەکان و زمانی جەستە هەریەک ڕۆڵی تایبەتیان لە پەیوەندیی مرۆڤدا هەیە. وشەکان نوێنەرایەتی پەیوەندیی زارەکی دەکەن و دەتوانرێت دەستکاری بکرێن، بەڵام زمانی جەستە ئاماژەی نازارەکی وەک دەربڕینی دەموچاو و دۆخی جەستە لەخۆدەگرێت و زۆرجار ڕاستەقینەتر و دەستبەجێترە (Hassanies, 2023, 59). زمانی جەستە زۆرجار بەشێوەیەکی نائاگایی کاردەکات و هەستە ڕاستەقینەکانی قسەکەر دەگاتە وەرگر. وشەکان لە ڕونی و وردەکاری باشترن و بۆ فێرکردن و گفتوگۆ گرنگن، بەڵام زمانی جەستە خێراتر و گشتگیرترە و دەتوانێت بەربەستە زمانییەکان تێپەڕێنێت. یەکخستنی وشەکان و زمانی جەستە گرنگە بۆ پەیوەندیی کاریگەر و بەهێزکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، چونکە زمانی جەستە ڕۆڵی گرنگی لە گەیاندنی هەست و مەبەستەکان و بەرزکردنەوەی توانای قسەکردندا هەیە ( Kahraman & Ünal, 2023, 50).

**بەشی دوهەم**

**1/٢) سودەکانی زمانی جەستە لە ڕاهێناندا**

**١-1/٢) باشترکردنی پرۆسەی فێرکردن**

١. زیادکردنی بەشداری و هاندان مامۆستایانی بەکارهێنەری زمانی جەستەی ئەرێنی کەشێکی خۆش و سەرنجڕاکێش بۆ فێربون دروستدەکەن. (Kucuk, 2023, 278).

٢. باشترکردنی پەیوەندیی و تێگەیشتنی زمانی جەستەی ئەرێنی، وەک پێکەنین و چاو تێبڕین، گەرموگوڕی و کرانەوە دەگەیەنێت، کە متمانە و پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابییان بەهێز دەکات.

٣. بەڕێوەبردنی کارامەیی پۆل مامۆستایان دەتوانن پۆل بەڕێوەببەن و ڕەفتاری ئەرێنی پەرە پێبدەن لەڕێگەی هەڵوێست و ئاماژەی گونجاوەوە (Kucuk, 2023, 286).

**٢-١/٢) کاریگەری لەسەر فێربون**

دەوڵەمەندکردنی ئەزمونی فێربون تێکەڵکردنی زمانی جەستە دەتوانێت ژینگەی پۆل زیاتر کارلێککار و سەرنجڕاکێش بکات (Chalal & Yassine, 2024, 261).

**٢/٢) زمانی جەستە لە فێربون و فێرکردندا**

بەشداریکردنی زمانی جەستە لە فێربون و فێرکردندا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. زمانی جەستە کە لە دەربڕینی دەموچاو، ئاماژە و دۆخی جەستە پێکهاتوە، 50% بۆ 70% ی پەیوەندیگرتن پێکدەهێنێت و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بەشداریکردن و تێگەیشتنی قوتابی دەبێت ("ڕۆڵی زمانی جەستە لە شێوازەکانی فێرکردندا نوسەران"، 2024) 453). لە فێرکردنی زماندا، یەکخستنی زمانی جەستە وانەکان کاریگەرتر دەکات و یارمەتیدەرە لە گەیاندنی چەمکە ئاڵۆزەکان، (Ermanov & Saydullayeva, 2024, 88-89). تێکەڵکردنی ئاماژە و دەربڕینی دەموچاو وانەکان زیاتر کاریگەریی دەکات و یارمەتی قوتابییان دەدات بە ئاسانی چەمکە ئاڵۆزەکان تێبگەن، هەروەها بۆ ئەو قوتابییانەی کە کێشەی زمانیان هەیە وەک یارمەتیدەرێکی بەنرخ کاردەکات (Ezeh et al., 2021, 125). زەردەخەنەش وەک زمانێکی نازارەکی بەهێز، دەتوانێت دڵنەوایی و هاندانی قوتابییان بگەیەنێت و ژینگەیەکی فێرکاری گەرم، بەشدارانە و کاریگەر دروست بکات کە تێیدا قوتابییان هەست بە ئاسودەیی و متمانە دەکەن (Khuman, 2024, 91)..

**١-٢/٢) گرنگی زمانی جەستە لە جێبەجێکردنی پەروەردەییدا**

زمانی جەستە یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی پەروەردە کە کاریگەریی لەسەر هەردو پرۆسەی فێرکردن و فێربون هەیە. زمانی جەستە ڕۆڵێکی سەرەکی لە پەیوەندیی کاریگەریی نێوان مامۆستا و قوتابی دەگێڕێت، چونکە بە دروستی بەکارهێنانی دەتوانێت پەیامەکان بەشێوەیەکی خێرا و کاریگەر بگەیەنێت (Abdulrahman et al, 2022: 298). مامۆستایان لەرێگەی هەڵوێست، جوڵەی دەست، ڕوخسار، چاو و دەنگیان و دۆخی جەستە و تەنانەت جلوبەرگەوە دەتوانن هاندەر، متمانەبەخش و ئیلهامبەخش بن، سەرنجی قوتابییان ڕابکێشن و ژینگەیەکی پەروەردەیی گونجاو و بەهێز بخولقێنن کە تیایدا فێربون دەبێتە پرۆسەیەکی چالاک و بەشداریکراو (Elfatihi, 2006, 4).

**١-١-٢/٢) پەیوەندیگرتنی کاریگەر Effective Communication**

زمانی جەستە ڕۆڵێکی سەرەکی لە گەیاندنی پەیامەکاندا دەگێڕێت ، بە شێوەیەک کە کاریگەرتر و خێراترە لە تەنها وشەکان. ئەو مامۆستایانەی کە بە لێهاتویی زمانی جەستە بەکاردەهێنن، دەتوانن کاریگەری زیاتریان لەسەر ڕازیکردنی قوتابییان هەبێت و باشتر خەریکی پرۆسەی فێربون بکەن(Abdulrahman, Bingöl and Kara, 2022, 298) .

**٢-١-٢/٢) ڕونی و تێگەیشتن Clarity and Understanding**

زمانی جەستە ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاسانکردنی ڕێنماییەکان و بەهێزکردنی تێگەیشتن و یادەوەری قوتابییان دەگێڕێت. مامۆستایان دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەرانە ئاماژە جەستەییەکان و دەربڕینی دەموچاو بەکاربهێنن بۆ ڕونکردنەوەی چەمکەکان، ئەمەش وادەکات وانەکانیان زیاتر سەرنجڕاکێش بن.

**بۆ نمونە :**کاتێک مامۆستایەک چەمکێکی وەک "بەرزبونەوە، یان "دابەزین ڕوندەکاتەوە، دەتوانێت بە جوڵەی دەستەکانی ئاماژە بە ئاراستەی جوڵەکە بدات (بۆ سەرەوە یان بۆ خوارەوە)، یان بە دەموچاوی خۆی هەستێک لە "فێربون (understanding) "یان "سەرقاڵی (engagement) "نیشانبدات. ئەم کارە هاوکارە لەگەڵ قسەکانی، وەک توێژینەوەکە ئاماژەی پێداوە، تێگەیشتنی قوتابییان بۆ بابەتەکە قوڵتر دەکات و سەرنجیان لەسەر وانەکە زیاتر دەهێڵێتەوە(Tai, 2014, 1205) .

**٣-١-٢/٢) بەژداریکردن و هاندانی قوتابی Student Engagement and Motivation**

زمانی جەستە ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوندا دەگێڕێت، بەتایبەتی لە بواری بەشداریکردن و هاندانی خوێندکاراندا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئارەزوی فێربونیان هەبێت. مامۆستایان دەتوانن بە بەکارهێنانی زمانی جەستە کەشێکی ئاسودە و سەرنجڕاکێش لە پۆلدا دروستبکەن. هەروەها جوڵە زیندوەکانی مامۆستا دەتوانێت مەودای دەرونی نێوان مامۆستا و قوتابی کەم بکاتەوە (Liu, 2019, 962).

**٤-١-٢/٢) بەڕێوەبردنی پۆل Classroom Management**

زمانی جەستە دەتوانێت بۆ بەڕێوەبردنی پۆل ئامرازێکی بەسود بێت. دۆخی جەستە و جوڵە و دەربڕینی دەموچاو دەتوانێت دەسەڵات و متمانە بگەیەنێت. بەرکەوتنی چاو دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پاراستنی سەرنجی قوتابی و پشکنینی تێگەیشتنیان. زەردەخەنەیەک وا لە قوتابییان دەکات هەست بە بەخێرهاتن بکەن، Abdulrahman, Bingöl and Kara, 2022, 303).

**٥-١-٢/٢) فیدباک Feedback**

ئاماژە نازارەکییەکان دەتوانن فیدباک بە قوتابییان بدەن. بۆ نمونە، پەنجەی گەورە دەتوانێت ئاماژە بە وەڵامێکی دروست بکات. هەروەها مامۆستایان دەتوانن ئاماژە بەکاربهێنن بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بەشێوەیەکی کاریگەرتر لە بەکارهێنانی وشەکان.

**٢-٢/٢) پێکهاتەکانی زمانی جەستە لە پۆلدا**

**١-٢-٢/٢) جوڵە (Movement**

جوڵە ئاماژەکانی جەستە دەگرێتەوە. مامۆستایان ئاماژە بەکاردەهێنن، بۆ ئەوەی گفتوگۆکان بە ژیانەوە و ڕونکردنەوەی سەرلێشێواوی و گەیاندنی هەستەکان.(El Fatihi, 2005, P.7) .

**٢-٢-٢/٢) دۆخی جەستە (Posture)**

دۆخی جەستە لە پرۆسەی پەروەردەدا شێوازی وەستانی مامۆستا زانیاری دەگەیەنێت و دۆخی جەستەیی فۆرمێکی بەرچاوی پەیوەندیی نازارەکییە (Chalal & Yassine, 2024,P.262)). شێوازی ڕۆیشتن، وەستان، یان دانیشتنی مامۆستا پەیامی جۆراوجۆر دەگەیەنێت، بۆ نمونە مامۆستایان کە بەشێوەیەکی ڕاست وەستاون بەڵام قیت نین و مەیلیان بۆ پێشەوە هەیە، بە بەراورد بەو کەسانەی کە بە قیت وەستاون و قۆڵەکانیان دەبڕن، کراوەتر و نزیکتر دەردەکەون (Elfatihi, 2006,P.9).

**٣-٢-٢/٢) لایەنە جیاوازەکانی دۆخی جەستە و کاریگەرییەکانی**

دۆخی جەستە (Posture) بریتییە لە شێوازی ڕاگرتنی لەش کاتێک مرۆڤ ڕاوەستاوە، دانیشتوە یان جوڵە دەکات. لێرەدا، "دۆخی جەستە" وەک شێوازی ڕاگرتنی لەش، خودی کردارێکی جوڵەیی و فیزیکییە، توێژینەوە لەم شێوازە لەش و ئەو پەیامانەی کە دەیان گەیەنێت، بەشێکە لە زانستی زمانی جەستە(Chalal & Yassine, 2024, P.262) .

دۆخی جەستە دەتوانێت متمانە، دەسەڵات و کرانەوە بگەیەنێت و ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی کەشێکی گونجاو بۆ فێربون ببینێت. دۆخێکی کراوە و ئارام، وەک دانیشتن یان ڕاوەستان بە شێوەیەک کە قۆڵەکان کراوەن (نەک بڕدراو) و لەش ئارامە، دەتوانێت گفتوگۆی کاریگەر لە پۆلدا ئاسان بکات (Kucuk, 2023, 276) و هانی قوتابییان بدات بۆ بەشداریکردنی چالاکانە .ئەم شێوازە کراوەیە، کە تێیدا مامۆستا ڕوبەڕوی قوتابییەکان دەبێتەوە بە شێوەیەک کە لەش و قۆڵەکانی کراوەن (نەک بڕدراو)، پەیوەندی نزیکبونەوە و کرانەوە دەبەخشێت(Kucuk, 2023, 281) .

گۆڕینی دۆخی جەستە دەتوانێت وەک گواستنەوەیەک لەنێوان چالاکییەکانی وانەکاندا کاربکات-Elfatihi, 2006, 30) 31)و دەکرێت لەگەڵ ئاماژە نازارەکییەکانی تردا تێکەڵ بکرێت بۆ پەیوەندییەکی کاریگەرتر Chalal & Yassine, 2024, 272).گرنگە مامۆستایان ئاگاداری دۆخی جەستەی خۆیان بن لە کاتی وانەوتنەوەدا Naz & Farooq, 2024, 667)، چونکە دۆخی جەستەی گونجاو ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی ژینگەیەکی فێرکاری ئەرێنی دەبینێت.

**٤-٢-٢/٢) نزیکی Proxemics**

ئەمەش بریتییە لە بەڕێوەبردنی شوێن لە کاتی کارلێککردندا. مەودای نێوان مامۆستایەک و قوتابیەکانیان کاریگەریی لەسەر بەشداریکردن هەیە. (El Fatihi, 2005, 10)

**٥-٢-٢/٢) چاودێریی Oculesics**

بەرکەوتنی چاو بۆ پەیوەندیی نازارەکی زۆر گرنگە، چونکە یارمەتی مامۆستایان دەدات چاودێری تێگەیشتن بکەن و قوتابییان بە ئارەزوی خۆیان بهێڵنەوە، تاوەکو قوتابییان مەیلیان هەبێ و سەیری مامۆستاکەیان بکەن، کاتێک تێناگەن (Al Fatihi, 2005, 37).

### ٦-٢-٢/٢) دەربڕینی دەموچاو Facial Expressions

دەربڕینی دەموچاو هەست و هەڵوێست دەگەیەنێت. دەربڕینی دەموچاوی مامۆستایان باری دەرونیان دەردەخات، ئەمەش کاریگەریی لەسەر پاڵنەرەکانی قوتابی هەیە. زۆرجار قوتابییان دەتوانن لەڕێگەی دەربڕینی دەموچاویانەوە، تەنانەت زیاتر لە قسەکانی خۆیان، باری دەرونی مامۆستا بزانن(El Fatihi, 2005,40).

### ٧-٢-٢/٢) جلوبەرگ (Dress) و کاریگەرییەکانی

جلوبەرگی مامۆستا کاریگەریی بەرچاوی لەسەر چۆنییەتی هەستکردن بە سیفەتەکانی مامۆستا لەلایەن قوتابییانەوە هەیە (Smith, 1992,1). جلوبەرگ بەشێکی گرنگی پەیوەندیی نازارەکییە و دەتوانێت باوەڕپێهێنان و متمانە، دەسەڵات، نزیکبونەوە، پیشەییبون و نمونەی ڕەفتاری بگەیەنێت. قوتابییان زۆرجار هەڵسەنگاندنی سەرەتایی و خێرایان بۆ مامۆستاکانیان لەسەر بنەمای جلوبەرگ هەیە ، کە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی ئەکادیمی و ئاستی سەرنجدان و ڕێزگرتنیان هەبێت.

### ٨-٢-٢/٢) ڕەچاوکردنی کەلتوریی Cultural Considerations

کەلتور کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی نازارەکی هەیە. بۆ نمونە، مامۆستایانی بەریتانیا زیاتر نیگای قوتابی بۆ نیشاندانی سەرنج و هاوبەشیکردن بەکاردەهێنن ، لەکاتێکدا مامۆستایانی هۆنگ کۆنگ، کاتێک لەگەڵ قوتابییاندا نین یان لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدا نین، لە نیگای خۆیاندا ئاماژەی جیاوازتر بۆ گەیاندنی پەیام یان تەواوکردنی بیرکردنەوەکانیان بەکاردەهێنن.(McIntyre, Mainhard and Klassen, 2017, 24) .

## ٣/٢) بنەماکانی زمانی جەستە

زمانی جەستە کۆمەڵێک شێوازی پەیوەندیی نازارەکی لەخۆدەگرێت، لەوانە ئاماژە، دەربڕینی دەموچاو، بەرکەوتنی چاو، دۆخی جەستەیی و بەکارهێنانی فەزای کەسی. ئەمەش ڕۆڵی گرنگی ئەو لە بەرزکردنەوە یان تێکدانی پەیامە زارەکییەکان دەخاتە ڕو (Dumbravă & Koronka, 2009,249). دۆخی جەستە ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەی ناخ و دەرونی مرۆڤە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنییەتی پەیوەندیگرتنمان لەگەڵ کەسانی دەوروبەریشمان هەیە.

### ١-٣/٢) دەربڕینی دەموچاوFacial Expression

دەربڕینی دەموچاو یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی پەیوەندیی نازارەکی لەنێوان مرۆڤەکاندا. لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەریانخستوە کە شەش هەستی سەرەکی بریتین لە خۆشحاڵی، خەمباری، ترس، تورەیی، سەرسوڕمان و بێزاری، لە هەمو کەلتور و کۆمەڵگە مرۆییەکاندا بەشێوەیەکی هاوبەش دەناسرێنەوە و دەردەبڕدرێن (Jayatilake et al, 2010,333)).

لێکۆڵینەوەکان لەسەر ١٨ تەرمی جیاواز پیشانیانداوە کە ئەو ماسولکانەی پێویستن بۆ دەربڕینە جیهانییەکانی دەموچاو لە سەداسەدی نمونەکاندا بونیان هەیە (Waller et al., 2008, 435). سیستەمی کۆدکردنی کرداری دەموچاو (FACS) وەک ئامرازێکی زانستی بۆ شیکردنەوە و پۆلێنکردنی جوڵەکانی دەموچاو بەکاردێت و لەسەر بنەمای یەکە کردارییەکان (Action Units - AUs) کاردەکات. شیکردنەوەی دەربڕینی دەموچاو و جوڵەی سەر دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە دۆزینەوەی نیشانەکانی خەمۆکی و فشاری دەرونیدا بگێڕن، هەرچەندە هێشتا هەندێک سنورداریتی لە سیستەمە ئۆتۆماتیکییەکاندا هەن (Lin et al., 2020, P2-3).

### ١-١-٣/٢) جوڵەی چاو Oculesics

جوڵەی چاو ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگێڕێت و دروستکردنی متمانە و تێگەیشتنی بەرانبەر پەرەپێدەدات بەرکەوتنی چاوی جێگیر نیشانەی متمانە و بەشداریکردنی چالاکە، لەکاتێکدا خۆدزینەوە لە بەرکەوتنی

چاو وەک نیشانەی نارەحەتی لێکدەدرێتەوە, نیگای ڕاستەوخۆی چاو کاریگەریی جیاوازی لەسەر هەڵسەنگاندنی دەربڕینە هەستیارەکان هەیە؛ دەموچاوی تورە لەگەڵ نیگای ڕاستەوخۆدا نەرێنیتر، بەڵام دەموچاوی خۆشحاڵ ئەرێنیتر هەڵدەسەنگێندرێت.

**٢-١-٣/٢) جوڵەی لێو Lip Reading**

جوڵەی لێو ڕۆڵێکی گرنگ لە پەیوەندیی نازارەکیدا و تێگەیشتن لە قسەکردن دەگێڕێت. چاودێریکردنی جوڵەی لێو، چالاکییەکانی مێشک لە بوارەکانی بینین و بیستندا چالاکدەکات و پرۆسێسی قسەکردنی بینراو و بیستراو ئاسان دەکات، بەتایبەتی لە ژینگەی ژاوەژاوەکاندا .(Reisinger et al., 2023, 2-15) چالاکیی لێوەکان پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ چالاکیی قسەکردندا هەیە و سیستەمی دیاریکردنی دەنگی بینراو پەرەپێدەدات .(Sodoyer et al., 2009, 1) لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا، مامۆستا پێویستە سەرنجی تایبەت بداتە چۆنییەتی بەکارهێنانی دەنگ و جوڵەی لێو بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی کاریگەر لەگەڵ قوتابییانیدا.(Arima et al, 2021, 38-39)

**٣-١-٣/٢) جوڵەی دەست و پێ: Hand and Foot Movement**

جوڵەی دەست، بازو و پێیەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پەیوەندییە نازارەکییەکاندا هەیە. کارلێکە جەستەییەکان وەک خشکاندنی دەست بەیەکتردا نیشانەی هەڵچون، دڵەڕاوکێ یان شاردنەوەی هەستەکان دەبن. دۆخی جەستە و شێوازی وەستان، بەتایبەت ڕێک وەستان و بڵاوکردنەوەی قاچەکان، نیشانەی هێز و دەسەڵات دەربکەون. ئەم جوڵانە دەکرێت وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ دەستنیشانکردنی کێشە دەروونییەکان بەکاربهێنرێن. جوڵەی جەستە نەک تەنها ئامرازێکی پەیوەندیگرتنە، بەڵکو وەک ئاوێنەیەکی گرنگی باری دەرونی و کۆمەڵایەتی تاک کار دەکات.

**٤/٢) هەڵوێستی جەستە Body Posture**

دۆخی جەستەی کراوە و فراوان کاریگەری گرنگ لەسەر پەیوەندیی و سەرنجراکێشانی نێوان کەسەکان دادەنێت. هەڵوێستێکی کراوە، وەک ڕاگرتنی شانەکان بە ئارامی و ڕووبەڕوبونەوەی قسەکەر، نیشانەی سەرنجدان و کرانەوەیە و پەیوەندییەکان بەهێز دەکات .(Legrand & Krueger, 2009) لەبەرامبەردا، دۆخی داخراو (وەک قۆڵ بڕین) ئاماژەیە بۆ نائارامی و نەرێنی، کە ڕێگرە لە پەیوەندی کاریگەر .(Zabetipour et al., 2015, 644) لارکردنەوەی جەستە بەرەو پێشەوە خولیا و بەشداری دەگەیەنێت، هەروەها لابردنی بەربەستەکان (وەک دانانی دەست لەسەر سنگ) کرانەوە زیاتر دەردەخات و بەرگریکردن کەم دەکاتەوە.(Marguc et al., 2015, 1)

**١-٤/٢) ئاماژەکانGestures**

ئاماژە بریتییە لە بەکارهێنانی جوڵە و دەربڕینی جیاواز بۆ گوزارشتکردن لەوەی کە تاک دەیەوێت، لێرەدا ئەو کەسە پشت بە قسە نابەستێت لە گەیاندنی ئەوەی کەدەیەوێت (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ل. ٢٦). ئاماژەکان وەک بەشێکی بنەڕەتی لە پەیوەندیی نازارەکیدا، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە گەیاندنی زانیاری زیادە و ڕونکردنەوەی بیرۆکە و هەستەکان کە قسەکردن بە تەنها ناتوانێت دەریببڕێت نمونەیەک لەمەش، ئاماژەی دەستی کراوە بەتایبەتی کە لەپی دەست ڕوی بەرەو سەرەوە بێت، وەک هێمای ڕاستگۆیی و قبوڵکردن لە سەرانسەری چوارچێوە جیاوازەکاندا ناسراوە .(Kelmaganbetova et al., 2023, 2512)ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە تایبەتمەندی ئەوەی هەیە کە پشت بە هێمای چاوی و جوڵەیی دەبەستێت بۆ گەیاندنی مەبەست و مانا، جگە لە وشەی دەرکراو، و دەتوانێت وەک جێگرەوەی زمانی دەرکراو بەکاربهێنرێت یان وەک تەواوکەری لەگەڵ قسەکردندا.

**٢-٤/٢) جوڵەی سەر**

جوڵەی سەر ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پەیوەندیی مرۆڤدا دەبینێت. سەر لەقاندن وەک گرنگترین هۆکارە بۆ دەربڕینی تێگەیشتن، هاوڕایی و بایەخدان بە قسەکەر. جوڵەی کۆنترۆڵکراوی سەر پیشان دەدات کە مرۆڤ بەوریاییەوە گوێ دەگرێت و بیر دەکاتەوە. ئاماژەکانی سەر، وەک سەر لێدان و لەرزین، وەڵامی ئەرێنی و نەرێنی دەگەیەنن و ڕەگیان لە چوارچێوەی کەلتوریدا قوڵە (Swerts et al., 2014, 296).

### ٣-٤/٢) بەرکەوتنی چاو

بەرکەوتنی چاو یەکێک لە گرنگترین ڕەهەندەکانی پەیوەندیی مرۆڤایەتییە. بەرکەوتنی چاوی جێگیر و بەردەوام نیشانەیەکی ئەرێنی و گرنگی سەرنجدان و بایەخدانە. سەیرکردنی قسەکەر بەشێوەیەکی هۆشمەندانە، واتە بەرکەوتنی چاوی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەندێک پشودان، هونەرێکی گرنگی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە بەرکەوتنی چاو بەشێوەیەکی بەرچاو هەڵسەنگاندنی متمانە لە کارلێکەکانی نێوان کەسەکاندا زیاددەکات(Kornilova,2022,70).

### ٤-٤/٢) دەربڕینی دەموچاو

دەربڕینی دەموچاو ئامرازێکی سەرەکییە بۆ دەربڕینی هەستەکان، ئەمەش ڕێگەیەکە کە هاوشێوەییەکی زۆری لە سەرانسەری کەلتورەکاندا هەیە، بە تایبەت کاتێک قسە لەسەر هەستە بنەڕەتییەکان وەک خۆشبەختی و دڵتەنگی دەکەین .ئەوان ڕۆڵێکی گرنگ لە پەیوەندی مرۆڤدا دەگێڕن و ڕێگە بە تاکەکان دەدەن هەست و سۆزی ڕاستەقینە دەربڕن .(Klingner and Guntinas-Lichius, 2023,115-116) زەردەخەنەیەکی کەم یان ماسولکەی دەموچاوی خاو دەستراگەیشتن و گەرمی پیشاندەدات. بەرکەوتنی چاو و نزیکبونەوەی کەمی کەسەکان لە یەکتر، ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی نادۆستانە و ساردی.(Albert Mehrabian, 1971, 9)

### ٥-٤/٢) ئاڕاستەی جەستە و قاچەکان

زمانی جەستە وەک پەنجەرەیەک بۆ قوڵایی ڕۆح دادەنرێت و هەست و بیرکردنەوەکانمان ئاشکرا دەکات بەبێ قسەکردن. شیکردنەوەی پێگەی جەستە و قاچەکان یەکێکە لە گرنگترین کەرەستەکانی خوێندنەوەی کەسایەتی مرۆڤ، چونکە دەتوانێت زانیاری گرنگ دەربارەی ئەو شتانە بەدەست بهێنێت کە لەژێر مێزەکەدا ڕودەدەن (نافارۆ، ٢٠١٨، ٥٨).جوڵەی جەستە و نیشانەکانی بێئارامی پەیوەندییەکی پتەویان هەیە، وەک چۆن نافارۆ دەڵێت "جوڵەی قاچ و پێیەکان دەتوانن نیشانەی بێئارامی و نارەحەتی بن" (هەمان سەرچاوە، ٦٣). لە چوارچێوە جیاوازەکاندا، لە گفتوگۆی ڕوبەڕووەوە تا کۆبونەوە فەرمیەکان، زمانی جەستە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت ( Holler et al., 2018, 1900; Peleckis & Peleckienė, 2015, 62). لە پەیوەندییە کەسییەکاندا، زمانی جەستە یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی ئەوانی دیکە و دەتوانێت ڕادەی ئاسودەیی لەنێوان تاکەکاندا ئاشکرا بکات. وەک لە سەرچاوەکەدا هاتوە "زۆر گرنگە کە سەرنجی ڕەفتاری پێ و قاچەکانی خەڵک بدەین کاتێک بۆ یەکەمجار دەیانبینین" (نافارۆ، ٢٠١٨، ٧٧).

### ٦-٤/٢) بەکارهێنانی شوێن Use of Space

دوریی گونجاو و شێوازی هەڵوێستی جەستە ڕۆڵێکی گرنگ لە پەیوەندی نێوان کەسەکاندا دەگێڕن. وەستان یان دانیشتن لە دورییەکی ئاسودەدا، لەگەڵ ئارامکردنەوەی جەستە (بەبێ زیادەڕۆیی) نیشانەی بەشداریکردن و گوێگرتنی چالاکە. مەودای نێوان کەسەکان لە ژێر کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و فەزای کەسی دایە .(Cartaud et al., 2018, 1) هەروەها، نیشانە نازارەکییەکان وەک جوڵەی چاو، کەمبونەوەی بەرکەوتنی چاوی ڕاستەوخۆ، دەربڕینی دەموچاو، و جوڵەی سەر (وەک لەقاندن و ڕاوەشاندن) کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئاستی متمانەی شایەتحاڵەکان هەیە لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا، کە گرنگی تێگەیشتن لە نیشانە نازارەکییەکانی ڕەنگدانەوەی لاوازبونی متمانەبەخۆبون دەخاتە ڕو.(Mori & Pell, 2019, 1)

### ٥/٢) کاریگەریی زمانی جەستە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا

زمانی جەستە یەکێکە لە بنەڕەتیترین بوارەکان لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا، چونکە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پەیوەندیگرتن، بەڕێوەبردنی پۆل و فێربونی قوتابییان هەیە .(Abdulrahman et al, 2022, 298) زمانی جەستە پێکهاتەی جۆراوجۆر دەگرێتەوە، وەک ئاماژە، دەربڕینی دەموچاو، بەرکەوتنی چاو، دۆخی جەستە (body posture)و جوڵەی جەستە .(Azeez & Azeez, 2018, 36) ئەم توخمە جەستەییانە دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر چۆنییەتی گەیاندنی پەیامەکانی مامۆستایان، دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ قوتابییان، و دروستکردنی

ژینگەیەکی ئەرێنی فێرکاری هەبێت .(Khuman, 2024, 90) لێرەدا دو خشتە پێشکەش دەکەین، کە پوختەی کاریگەرییەکانی زمانی جەستە و لایەنە تایبەتەکانی لە پرۆسەی فێرکردندا نیشاندەدەن.

خشتەی (١) کاریگەرییەکانی زمانی جەستە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا

| ناوەرۆک | کاریگەری |
|---|---|
| پەیوەندی | •٥٥٪ی کاریگەری پەیامەکان پێکدەهێنێت<br>•یارمەتیدەرە بۆ دەربڕینی بیرۆکەکان<br>•دەگەیەنێت) حەماسەت، ئارەزو، جەختکردنەوە |
| بەشداریکردن و پاڵنەر | •دروستکردنی کەشی پێشوازیکردن<br>•هاندانی قوتابییان بۆ بەشداری چالاکانە<br>•بەهێزکردنی متمانەبەخۆبون |
| تێگەیشتن | •یارمەتیدانی تێگەیشتن و لە بیرکردن<br>•رونکردنەوەی چەمکەکان<br>•کۆنکرێتکردنی بیرۆکە ئەبستراکتەکان |
| بەڕێوەبردنی پۆل | •گەیاندنی دەسەڵات و چاوەڕوانییەکان<br>•پاراستنی سەرنجی قوتابییان<br>•چارەسەرکردنی ڕەفتارە تێکدەرەکان |
| دروستکردنی پەیوەندی | •گەیاندنی گەرمی و پشتگیری<br>•دروستکردنی متمانە<br>•پەروەردەکردنی هەستی دانپێدانان |
| کاریگەری سۆزداری | •دروستکردنی ژینگەی دۆستانە<br>•کاریگەری لەسەر باری سۆزداری قوتابییان<br>•پاڵپشتی دەرونی |
| ڕەچاوکردنی کلتوری | •جیاوازی کلتوری لە ئاماژەکاندا<br>•پێویستی هەستیاری کلتوری<br>•ڕێزگرتن لە جیاوازییە کلتورییەکان |

سەرچاوە) ئامادەکراو لە لایەن توێژەرەوە بە پشتبەستن بە ( Abdulrahman et al., 2022; Azeez & Azeez, "(2018; Khuman, 2024

**لێرەدا زمانی جەستە چۆن کاریگەریی لەسەر پرۆسەی وانەوتنەوە هەیە)**

١. پەیوەندی) نزیکەی ٥٥% یان زیاتر لە کاریگەرییەکانی پەیامەکان لە ئاماژە نازارەکییەکانە، لەکاتێکدا زمانی زارەکی تەنها ٧% دەبەزێت (Liu, 2019, 963). زمانی جەستە یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ گەیاندنی بیرۆکە و حەماسەت بەشێوەیەکی ڕون و زیندو (Khuman, 2024, 90).

٢. بەشداریکردن) زمانی جەستەی مامۆستا دەتوانێت قوتابییان هان بدات بۆ بەشداریکردنی چالاکانە و دروستکردنی ژینگەیەکی پێشواز و هاوبەش (Kucuk, 2023,275). سیگناڵە ئەرێنییەکان وەک زەردەخەنە و بەرکەوتنی چاو کاریگەرییەکی باشیان هەیە، بە پێچەوانەوە سیگناڵە نەرێنییەکان دەتوانن فێربون بخنکێنن ( Azeez & Azeez, 2018,38؛ Khuman, 2024, 91).

٣. تێگەیشتن و فێربون) زمانی جەستە یارمەتی قوتابییان دەکات لە تێگەیشتن و بیرکردنەوەی زانیاری. ئاماژە و دەربڕینی دەموچاو دەتوانێت چەمکەکان ڕون بکاتەوە و بیرۆکە ئەبستراکتەکان کۆنکرێت بکات (1205 Tai, 2014؛ Liu,

2019,963). مامۆستایان دەتوانن جوڵەی جەستە بەکاربێنن بۆ نیشاندانی کردار و چەمکەکان، کە ئەمەش فێربونی قوتابییان باشتر دەکات (Ermanov & Saydullayeva, 2024,87 ؛Chalal & Yassine, 2024) 269).
٤. بەڕێوەبردنی پۆل :زمانی جەستە، وەک هەڵوێستی مامۆستا و چاوپێکەوتن، ڕێگەیەکی گرنگە بۆ پاراستنی دیسیپلین و ڕێکخستنی پۆل. ئەم نیشانە نازارەکییانە دەسەڵات و سەرنج دەگەیەنن، کە یارمەتیدەرن لە کەمکردنەوەی ڕەفتارە ناپەسەندەکان و هاندانی قوتابیان بۆ پابەندبون.(Khuman, 2024, 90-91; Naz & Farooq, 2024, 667) .
٥. دروستکردنی پەیوەندی :زمانی جەستە، بەتایبەت بەرکەوتنی چاوی ئەرێنی و ئاماژە ئەرێنییەکان، بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز و متمانە لەگەڵ قوتابیاندا زۆر گرنگە. ئەم شتانە هەستی پەیوەندی و پشتگیری قوتابییان زیاد دەکات و وادەکات هەست بە گرنگیدان و دانپێدانان بکەن، کە ئەمەش بنەمایەکی سەرەکییە بۆ ژینگەیەکی فێربونی ئەرێنی.(Khuman, 2024, 89-91) .
٦.کاریگەریی سۆزداری: دەربڕینی دەموچاو و تۆنی دەنگ دەتوانێت ژینگەیەکی دۆستانە و سەرنجڕاکێش دروست بکات یان بە پێچەوانەوە، تورەیی و سیگناڵی نەرێنی کاریگەری زیانبەخشی هەبێت (Liu, ؛Chalal & Yassine, 2024) 269 2019, 963 ؛Azeez & Azeez, 2018, 44).
٧. ڕەچاوکردنی کەلتوری: زمانی جەستە تا ڕادەیەکی زۆر تایبەتی کلتورە و ئاماژەکان و بەرکەوتنی چاو لە کلتورە جیاوازەکاندا جیاوازن. مامۆستایان پێویستە ئاگادار بن لە جیاوازی کەلتوری و هەوڵ بدن هەستیاری کەلتوری پەروەردە بکەن (Khuman, 2024, 89 ؛Busà, 2015, 83).

| لایەنە تایبەتەکانی زمانی جەستە و کاریگەرییەکانیان لە پرۆسەی فێرکردندا | |
|---|---|
| کاریگەرییەکان | لایەنی سەرەکی |
| - ڕونکردنەوەی چەمکەکان<br>- جەختکردنەوە لەسەر خاڵە گرنگەکان<br>- پێدانی فیدباکی کاریگەر<br>- پشتگیری بیرەوەری | ئاماژە |
| - گواستنەوەی هەستەکان<br>- دروستکردنی کەشی گونجاو<br>- پەیوەندی نافەرمی | دەربڕینی دەم و چاو |
| -دروستکردنی پەیوەندی<br>- چاودێریکردنی تێگەیشتن<br>- نیشاندانی بایەخدان | بەرکەوتنی چاو |
| -گەیاندنی دەسەڵات<br>- دروستکردنی متمانە<br>- هاندانی بەشداری | دۆخی جەستە |
| -زیندوکردنەوەی وانە<br>- ڕاکێشانی سەرنج<br>- دروستکردنی بزواویەت | جوڵە |

خشتەی ٢) لایەنە تایبەتەکانی زمانی جەستە و کاریگەرییەکانیان لە پرۆسەی فێرکردندا
سەرچاوە) ئامادەکراو لە لایەن توێژەرەوە بە پشتبەستن بە ( Abdulrahman et al., 2022; Azeez & Azeez, 2018; Khuman, 2024)"

### ٢/٥-١) ، لایەنە تایبەتەکانی زمانی جەستە و کاریگەرییەکانیان

لایەنە تایبەتەکانی زمانی جەستە و کاریگەرییەکانیان ئاماژە بە پێنج توخمی سەرەکی دەکات کە بریتین لە:
ئاماژە:ڕونکردنەوەی مانا، جەختکردنەوە و فیدباک (López, 2010, 29-30؛ Chalal & Yassine, 2024) 263.
دەربڕینی دەموچاو: گەیاندنی هەست، گەرمی، یان ئاگاداری (Azeez & Azeez, 2018,36-38).
بەرکەوتنی چاو: دروستکردنی پەیوەندی و چاودێریکردنی پۆل (Azeez & Azeez, 2018,44).
دۆخی جەستە: پێدانی متمانە و کراوەیی (Kucuk, 2023, 276 ؛Khuman, 2024, 90).
جوڵە: جوڵەی ئامانجدار سەرنجی قوتابییان ڕادەکێشێت و وانەکان سەرنجڕاکێشتر دەکات، بەڵام زیادەڕۆیی سەرقاڵکەر دەبێت (Khuman, 2024: 91; Liu, 2019: 966).
هەریەک لەم لایەنانە، بە یەکگرتویی، سیستەمێکی پەیوەندیی نازارەکی دروست دەکەن کە سەرکەوتنی وانەوتنەوە پەیوەست بەوەیە.




### ٢/٥-١-١) گرنگی زمانی جەستە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا

زمانی جەستە (نازارەکی) یەکێکە لە بنەڕەتیترین بوارەکان لە پەروەردە و فێرکردندا، بەتایبەتی لە فێرکردنی زمان. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لێکۆڵینەوەکان دەریانخستوە کە زۆربەی پەیوەندییەکان (نزیکەی ٥٠-٥٥٪) لەڕێگەی زمانی جەستەوە ئەنجامدەدرێت، لە کاتێکدا وشەی ڕاستەوخۆ تەنها ٧٪ی پێکدەهێنێت(Naz & Farooq,2023, 668 ؛ Azeez & Azeez, 2018, 37-38).بەم پێیە، گرنگی بە شیکردنەوە و بەکارهێنانی زمانی جەستە لە پۆلدا زۆر بەرز دەبێتەوە.

### ٢/٥-١-٢) پەیوەندی و تێگەیشتن

زمانی جەستە پەیوەندی و لێکتێگەیشتن لەنێوان مامۆستا و قوتابییان بەرز دەکاتەوە (Kucuk, 2023,276).

دەتوانێت پەیامە زارەکییەکان ڕونتر بکات و کاریگەرییان زیاد بکات (Ermanov & Saydullayeva, 2024,8).
ئاماژە نازارەکییەکان، وەک بزەکردن و ڕاستەوخۆ سەیرکردن، دڵگەرمی و جەختکردنەوە بگەیەنن و یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی پەیوەندی و متمانە (Khuman, 2024, 90).
بەکارهێنانی زمانی جەستەی ئەرێنی لەلایەن قوتابییانەوە، وەک ڕێک دانیشتن و ڕاستەوخۆ سەیرکردن، بەشداری و سەرنجی قوتابییان زیاد دەکات (Kucuk, 2023,278).
زۆربەی پەیوەندییەکان نازارەکییە و ئاماژەکان بەشێکی بەرچاو لە پەیوەندییەکان پێکدەهێنن (Azeez & Azeez, 2018) 37-38).

### ٥/٢-١-٣) بەشداریکردن و پاڵنەر

زمانی جەستە ڕۆڵێکی گرنگی لە بەشداریکردن و پاڵنەری قوتابییان هەیە (Azeez & Azeez, 2018M38).
بەکارهێنانی زمانی جەستەی گونجاو و ئەرێنی لەلایەن مامۆستایانەوە کەشێکی ئاسودە و سەرنجڕاکێش دروستدەکات و قوتابییان دەخاتە ناوەندی پرۆسەی فێربونەوە.

### ٥/٢-١-٤) بەڕێوەبردنی پۆل Classroom Management

زمانی جەستە (نازارەکی) ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەر لە بەڕێوەبردنی پۆل و دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاوی فێرکردن هەیە. مامۆستایان لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانی جەستە، وەک بەرکەوتنی چاو، دۆخی جەستە و دەربڕینی دەموچاو، دەتوانن دەسەڵات و کۆنترۆڵی پۆل زیاد بکەن، ڕێگریکردن لە ڕەفتاری تێکدەر بگرن و ژینگەیەکی هاوبەش و ئەرێنی بۆ قوتابییان دروستبکەن کە فێربون تێیدا ئاسانتر دەبێت (Naz & Farooq,2023,668).

١. بەرکەوتنی چاو) یەکێکە لە تەکنیکە کاریگەرەکانی زمانی جەستەی مامۆستا بۆ چاودێریکردنی پۆل و دروستکردنی پەیوەندی بە قوتابییان. بەکارهێنانی بەرکەوتنی چاو دەتوانێت سەرنج و ئارەزوی قوتابییان ڕابکێشێت و بەشداریکردنیان زیاد بکات (Azeez & Azeez, 2018,44).

٢. دۆخی جەستە) مامۆستایان لەڕێگەی دانیشتن بە کراوەیی یان بە دەسەڵات، دەتوانن متمانە و دەسەڵات بگەیەنێن و ڕێگریکردن لە ڕەفتاری تێکدەر بکەن (Kucuk, 2023,279).

٣. دەربڕینی دەموچاو یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی هەستەکان و دروستکردنی ڕەنگێکی گونجاو یان شێوازێکی گشتی بۆ کەلتوری پۆل، هەروەها دەتوانێت ئاماژە بدرێت بۆ ڕێنوێنی ڕەفتارەکان .(Khuman, 2024, 90)

٤. ئاماژە و جوڵە) ئاماژەکان و جوڵەی مامۆستا دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ دەربڕینی بیرۆکە، بیرکردنەوە و وێناکردنی چەمکەکان. بەکارهێنانی جوڵەی گونجاو دەتوانێت ئاماژەی ئەرکە نوێکان بگەیەنێت و سەرنجی قوتابییان ڕابکێشێت (Elfatihi, 2006, 31 ؛Liu, 2019, 963).

٥. پێویستە مامۆستایان ئاگاداری جیاوازییە کەلتورییەکانی زمانی جەستە بن، چونکە هەندێک ئاماژە و جوڵە تا ڕادەیەکی زۆر تایبەتن بە کلتورێک، ئەگەری هەیە لە کلتورێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز بن(Liu, 2019, 963 .؛ Kucuk, 2023, 279). بۆیە، زمانی جەستە ئامرازێکی گرنگە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا. پێویستە مامۆستایان ئاگادار بن و بە مەبەست بەکاری بهێنن بۆ باشترکردنی پەیوەندیگرتن، دروستکردنی ژینگەیەکی ئەرێنی فێربون، بەرزکردنەوەی بەشداریکردن و تێگەیشتنی قوتابییان.

### ٦/٢) بەکارهێنانی کردەیی زمانی جەستە لە پەروەردەدا

زمانی جەستە ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە بواری پەروەردەدا دەگێڕێت، بەتایبەت لە فێرکردنی زماندا. پەیوەندیگرتنی نازارەکی مامۆستایان، وەک دەربڕینەکانی دەموچاو، ئاماژەکردن و بەرکەوتنی چاو، کاریگەرییەکی بەرچاوی لە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربون و تێگەیشتن هەیە. (Ermanov & Saydullayeva, 2024, 83).
بەکارهێنانی زمانی جەستەی گونجاو دەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان مامۆستا و فێرخوازەکاندا، کە ڕێگە بە مامۆستایان دەدات باشتر لە هەستەکانی فێرخوازەکانیان تێبگەن (Liu, 2019,962). تەکنیکەکانی وەک

چاوپێکەوتن، ئاماژەکردن بە دەست، جوڵە داینامیکییەکان و گۆڕینی شوێنی وەستان، یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی متمانە و هاندانی بەشداریکردنی فێرخوازان.

لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان لایەنە جەستەیی و دەروونییەکاندا هەیە، زمانی جەستەی نەرێنی کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ژینگەی فێربون هەیە و دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبونی دڵتەنگی، ترس و توڕەیی، تا دەگاتە کێشەی کلینیکی وەک خەمۆکی و دڵەڕاوکێ (Álvarez & Bustos, 2018,188-189).

نمونە ئەرێنییەکانی زمانی جەستە، وەک ڕوخساری گەش و چاولێکردنی ڕاستەوخۆ، هەستی متمانە و ئارامی لای فێرخوازان دروستدەکات، بەڵام نمونە نەرێنییەکان، وەک ڕوخساری توڕە و سەیرنەکردنی فێرخوازان، کاریگەریی نەرێنی دەبێت و دەبێتە هۆی ترس و دورکەوتنەوەی فێرخوازان.

## ئەنجام

ئەم توێژینەوەیە ئەنجامە گرنگەکانی لێکۆڵینەوەی لەسەر ڕۆڵی زمانی جەستە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا خستەڕو:

1. **کاریگەری بەرچاوی زمانی جەستە** :زۆربەی پەیوەندییەکان (نزیکەی ٥٠-٧٠٪) لەڕێگەی زمانی جەستەوە ئەنجامدەدرێت، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەشداریکردن و تێگەیشتنی قوتابیان هەیە.
2. **دروستکردنی ژینگەیەکی ئەرێنی** :بەکارهێنانی زمانی جەستەی گونجاو لەلایەن مامۆستایانەوە، وەک ئاماژە ئەرێنییەکان و دۆخی جەستەی کراوە، یارمەتی دروستکردنی ژینگەیەکی فێرکاری ئەرێنی دەدات، متمانە بەرز دەکاتەوە، و بەڕێوەبردنی پۆل ئاسانتر دەکات.
3. **چالاککردنی قوتابیان** :ئاماژە نازارەکییەکان و دۆخی گونجاوی جەستە دەبنە هۆی ڕاکێشانی سەرنج و باشترکردنی تێگەیشتن، ئەمەش قوتابیان چالاکتر دەکات و ئاستی فێربونیان بەرز دەکات.
4. **هەستیاری کلتوری** :مامۆستایان پێویستە ئاگاداری جیاوازییە کلتورییەکانی زمانی جەستە بن بۆ ئەوەی لە هەڵە و تێنەگەیشتن دوربن و ژینگەیەکی فێرکاری هاوبەش دروست بکەن.
5. **سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە** :بەکارهێنانی هۆشیارانەی زمانی جەستە دەتوانێت پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان مامۆستا و قوتابی دروست بکات و سەرکەوتنی پەروەردە و گەشەی کەسایەتی قوتابیان بەرز بکاتەوە.
6. **گرنگیی کرداری** :توێژینەوەکە ئاماژە بە ١١ تەکنیکی کرداریی زمانی جەستە دەکات کە مامۆستایان دەتوانن لە کاتی وانەگوتنەوەدا بەکاریبهێنن بۆ کاریگەری زیاتر. بۆ نمونە، بەکارهێنانی ئاماژەی دەستی دیاریکراو بۆ ڕونکردنەوەی چەمکە نوێیەکان یان بەکارهێنانی دەموچاو بۆ دەربڕینی هاوسۆزی لەگەڵ قوتابی کاتێک کێشەیان هەیە، دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر تێگەیشتن و ئامادەبونی قوتابیان هەبێت .ئەمە نمونەیەکی پوختکراوەیە لەو تەکنیکانەی کە لەنامەکە باسکراون.

## سەرچاوەکان


ئەحمەد، شنە ئەبوبەکر (٢٠٠٨) *زمانی جەستە* .نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

کەریم، شۆخان مەحەمەد حەمە (٢٠٢٣) *پراگماتیکی پەیوەندیگرتنی نازارەکی لە زمانی کوردیدا (زمانی جەستە) وەک نمونە* .نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان/بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

نافارۆ، ج. (٢٠١٨) *زمانی جەستە: خەڵکی چی دەڵێن؟* .وەرگێڕانی: سەروەر تاهیر. سلێمانی: چاپخانەی ڕاڕان.

شفیق، حسنین (٢٠١٢) *لغة الجسد فی المجال الاعلامی*، الطبعة الاولی، دار فکر وفن.

Abdulrahman, S.A., Bingol, M.A. and Kara, S. (2022) 'Body language in education and effective recommendations to pre-service teachers in classroom management', International Journal of Social Sciences & Educational Studies, 9(1), pp. 298-307.

Ali, F. and Ready, C. (2021) 'Integration or Assimilation? -A Comparative Intertextual Analysis of Language Policy in Madrid and Catalonia', JLL, 10, p. 24.

Allwood, J. (2002) 'Bodily communication dimensions of expression and content', in Multimodality in language and speech systems. Dordrecht: Springer Netherlands, pp. 7-26.

Ana, S.M. (2007) 'Propuestas desde la antropología para el abordaje de las dimensiones socio-culturales del cuerpo: un aporte al debate Educación Física/Educación Corporal', Educación Física y Ciencia.

Arima, R., Irwandi, I. and Ali, R. (2021) 'Student's perception on the teacher nonverbal communication at the seventh-grade students of mtss nagari binjai'.

Azeez, R.A. and Azeez, P.Z. (2018) 'Incorporating Body Language into EFL Teaching', Kurdistan Journal of Humanities and Social Sciences, 1(1), pp. 36-45. DOI: 10.14500/KUJHSS.V1N1Y2018.PP36-45.

Bouhadiba, Z. (2012) 'Non-verbal communication an essential cultural dimension', Traduction et Langues, 11(2), pp. 49-56. DOI: 10.52919/translang.v11i2.581.

Brown, P.R., Alaszewski, A., Swift, T. and Nordin, A. (2011) 'Actions speak louder than words: The embodiment of trust by healthcare professionals in gynae-oncology', Sociology of Health & Illness, 33(2), pp. 280-295.

Busà, M.G. (2015) 'Teaching learners to communicate effectively in the L2: Integrating body language in the students' syllabus', Lingue e Linguaggi, pp. 83-101. DOI: 10.1285/I22390359V15P83.

Carlson, R.A., Gray, W.D., Kirlik, A. et al. (2007) 'Immediate Interactive Behavior — How Embodied and Embedded Cognition Uses and Changes the World to Achieve its Goals', Cognitive Science.

Carrard, V. (2021) 'Non-verbal Adaptation to the Interlocutors' Inner Characteristics: Relevance, Challenges, and Future Directions', Frontiers in Psychology. DOI: 10.3389/FPSYG.2021.612664.

Cartaud, A., Ruggiero, G., Ott, L., Iachini, T. and Coello, Y. (2018) 'Physiological Response to Facial Expressions in Peripersonal Space Determines Interpersonal Distance in a Social Interaction Context', Frontiers in Psychology, 9.

Chalal, F.Z. and Yassine, S. (2024) 'The Role of Teachers' Body Language in the EFL Classroom: A Multimodal Perspective', Revue algérienne des lettres, 8(2), pp. 260-273.

Davron, E. and Saydullayeva, M. (2024) 'Using body language in language teaching'. DOI: 10.52773/tsuull.conf.teach.foreign.lang.2024.8.5/psld8751.

De Neve, D., Bronstein, M.V., LeRoy, F. et al. (2022) 'Emotion Regulation in the Classroom: A Network Approach to Model Relations among Emotion Regulation Difficulties, Engagement to Learn, and Relationships with Peers and Teachers', Journal of Youth and Adolescence. DOI: 10.1007/s10964-022-01678-2.

De Stefani, E. and De Marco, D. (2019) 'Language, Gesture, and Emotional Communication: An Embodied View of Social Interaction', Frontiers in Psychology. DOI: 10.3389/FPSYG.2019.02063.

Dumbravă, G. and Koronka, A. (2009) '"Actions speak louder than words" - body language in business communication', Annals of the University of Petrosani: Economics.

Elfatihi, M. (2006) 'The Role of Nonverbal Communication in Beginners' EFL Classrooms: Sale Junior High Schools as a Case', Online Submission.

Ezeh, N.G., Anidi, O.C. and Nwokolo, B.O. (2021) 'Body Language as a Communicative Aid amongst Language Impaired Students: Managing Disabilities', English Language Teaching, 14(6), pp. 125-134.

Foolen, A. (2012) 'The relevance of emotion for language and linguistics', in Moving ourselves, moving others: Motion and emotion in intersubjectivity, consciousness and language, pp. 349-369.

Frenkel, J., Cajar, A., Engbert, R. and Lazarides, R. (2024) 'Exploring the impact of nonverbal social behavior on learning outcomes in instructional video design', Scientific Reports. DOI: 10.1038/s41598-024-63487-w.

García Sánchez, I., Pérez Ordás, R. and Calvo Lluch, Á. (2015) 'Expresión corporal. Una práctica de intervención que permite encontrar un lenguaje propio mediante el estudio y la profundización del empleo del cuerpo', RETOS, 23. DOI: 10.47197/RETOS.V0I23.34561.

Han, H-F. (2022) 'Believing and social interactions: Effects on bodily expressions and personal narratives', Frontiers in Behavioral Neuroscience, 16, p. 5. DOI: 10.3389/fnbeh.2022.894219.

Hassanies, T.G. (2023) 'The role of body language on the speaker in accepting or rejecting the message', International Journal of Humanities and Language Research. DOI: 10.21608/ijhlr.2024.252272.1016.

Holler, J. and Kendrick, K.H. (2018) 'Processing language in face-to-face conversation: Questions with gestures get faster responses', Psychonomic Bulletin & Review. DOI: 10.3758/S13423-017-1363-.

Jayatilake, D., Gruebler, A. and Suzuki, K. (2010) 'Robot Assisted Smile Recovery', in Cutting Edge Robotics 2010. InTech. Available at: http://dx.doi.org/10.5772/10328.

Jeon, J. (2023) 'Linguistic Activism and its Origin', The International Conference on Interdisciplinary Humanities and Communication Studies, pp. 1053-1058. DOI: 10.54254/2753-7064/3/2022836.

Johannes, K., Zabicki, A., Bachmann, J., Munzert, J. and Krüger, B. (2022) 'Decoding spatiotemporal features of emotional body language in social interactions', Scientific Reports. DOI: 10.1038/s41598-022-19267-5.

Julio, C.P. (2019) 'Sin palabras: génesis y desarrollos de los estudios sobre la comunicación no verbal'. DOI: 10.24215/16696581E205.

Kahraman, C. and Topçuoğlu Ünal, F. (2023) 'Beden Dili Bağlamında Bir İnceleme: "Keloğlan Masalları" Çizgi Dizisindeki El ve Kol Hareketleri', International Journal of Languages' Education and Teaching. DOI: 10.29228/ijlet.70837.

Kelmaganbetova, A., Mazhitayeva, S., Ayazbayeva, B., Khamzina, G., Ramazanova, Z., Rahymberlina, S. and Kadyrov, Z. (2023) 'The Role of Gestures in Communication', Theory & Practice in Language Studies (TPLS), 13(10).

Khuman, P. (2024) 'The impact of non-verbal communication in teaching: enhancing educational effectiveness'.

Klingner, C.M. and Guntinas-Lichius, O. (2023) 'Facial expression and emotion', Laryngo-rhino-otologie. DOI: 10.1055/a-2003-5687.

Кornilova, V.S. (2022) 'Eye contact and level of interpersonal trust', Russian Journal of Education and Psychology. DOI: 10.12731/2658-4034-2022-13-5-70-81.

Kucuk, T. (2023) 'The power of body language in education: A study of teachers' perceptions', International Journal of Social Sciences & Educational Studies, 10(3), pp. 275-289.

Legrand, D. and Krueger, J. (2009) 'The Open Body'.

Lin, W., Orton, I., Li, Q., Pavarini, G. and Mahmoud, M. (2020) 'Looking At The Body: Automatic Analysis of Body Gestures and Self-Adaptors in Psychological Distress', arXiv: Computer Vision and Pattern Recognition.

Liu, L., Gao, L., Lei, W-L. et al. (2023) 'A Survey on Deep Multi-modal Learning for Body Language Recognition and Generation', arXiv.org. DOI: 10.48550/arxiv.2308.08849.

López Barros, G. and Verdugo Lazo, J.E. (2010) Body language as a teaching resource in the EFL classroom. Bachelor's thesis.

Marguc, J., van Kleef, G.A. and Förster, J. (2015) 'Welcome interferences: dealing with obstacles promotes creative thought in goal pursuit', Creativity and Innovation Management, 24(2), pp. 207-216. DOI: 10.1111/caim.12071.

McIntyre, N.A., Mainhard, M.T. and Klassen, R.M. (2017) 'Are you looking to teach? Cultural, temporal and dynamic insights into expert teacher gaze', Learning and Instruction, 49, pp. 41-53.

Mehrabian, A. (1971) Silent messages (Vol. 8, No. 152, p. 30). Belmont, CA: Wadsworth.

Meier-Faust, R. (2006) Body Language and Psychology: Understanding Human Behavior. Berlin: Springer.

Meihami, H. and Rashidi, N. (2020) 'Cultural identity development in second language teacher education: Toward a negotiated model', The Qualitative Report, 25(8), pp. 3101-3127.

Mori, Y., Yondu, M. and Pell, M.D. (2019) 'The look of (un)confidence: visual markers for inferring speaker confidence in speech', Frontiers in Communication, 4.

Natyavidushi, J. (2011) 'Importance Of Body Language in Effective Multicultural Communication', Annals of the University of Craiova. Series Geography/Analele Universitatii din Craiova. Seria Geografie, 14.

Naz, E., Farooq, U. and Akbar, G. (2023) 'Use of Nonverbal Communication while Teaching Primary School Students', Journal of Development and Social Sciences, 4(3), pp. 664-673.

Olivo Álvarez, S.C. and Bustos Bustos, M. (2018) 'Manejo de las emociones negativas desde el aula: un reto para el equilibrio, salud y conocimiento'.

Peleckis, K. and Peleckienė, V. (2015) 'Nonverbal Communication in Business Negotiations and Business Meetings', International Letters of Social and Humanistic Sciences. DOI: 10.18052/WWW.SCIPRESS.COM/ILSHS.62.62.

Phillips, P.A. and Smith, L.R. (1992) The Effect of Teacher Dress on Student Perceptions.

Podkowińska, M. (2018) 'Non-verbal communication in higher education'. DOI: 10.17770SIE2018VOL1.3318.

Pozeg, P., Rognini, G., Salomon, R. and Blanke, O. (2014) 'Crossing the Hands Increases Illusory Self-Touch', PLoS ONE, 9(4), e94008. DOI: 10.1371/journal.pone.0094008.

Raca, M., Kidzinski, L. and Dillenbourg, P. (2015) 'Translating Head Motion into Attention - Towards Processing of Student's Body-Language'.

Reisinger, P., Gillis, M., Suess, N., Vanthornhout, J., Haider, C., Hartmann, T., Hauswald, A., Schwarz, K., Francart, T. and Weisz, N. (2023) 'Neural speech tracking benefit of lip movements predicts behavioral deterioration when the speaker's mouth is occluded', bioRxiv. DOI: 10.1101/2023.04.17.536524.

Ren, Z. and Zhi-peng, L. (2014) 'Body language in different cultures'.

Shuxratovna, K.S. (2024) 'Importance of Linguistic Competence and Factors Influencing on the Issue', European Journal of Learning on History and Social Sciences, 1(5), pp. 13-16. DOI: 10.61796/ejlhss.v1i5.530.

Sodoyer, D., Rivet, B., Girin, L., Savariaux, C., Schwartz, J.L. and Jutten, C. (2009) 'A study of lip movements during spontaneous dialog and its application to voice activity detection', The Journal of the Acoustical Society of America, 125(2), pp. 1184-1196.

Srinivasan, R. and Martinez, A.M. (2021) 'Cross-Cultural and Cultural-Specific Production and Perception of Facial Expressions of Emotion in the Wild', IEEE Transactions on Affective Computing. DOI: 10.1109/TAFFC.2018.2887267.

Srivastava, D.S. (2022) 'Role of body language in leveraging success at the workplace: A study in the hospitality industry', International Journal of Science, Engineering and Management, 9(10), pp. 37-43. DOI: 10.36647/ijsem/09.10. a006.

Sulastri, N.M. (2023) 'Perkembangan Bahasa Sebagai Sistem Kognitif Anak Usia Dini', Jurnal Transformasi, 8(2), pp. 120-125.

Swerts, M., Boerrigter, T. and Gu, Y. (2014) 'Head gestures as congruent or incongruent signs of children's attitudes', Cognitive Science.

Tai, Y. (2014) 'The application of body language in English teaching', Journal of Language Teaching and Research, 5(5), p. 1205.

Thomas, G.F., Zolin, R. and Hartman, J. (2009) 'The Central Role of Communication in Developing Trust and Its Effect on Employee Involvement', Journal of Business Communication, 46(3), pp. 287-310.

Waller, B.M., Cray, J. and Burrows, A.M. (2008) 'Selection for universal facial emotion', Emotion, 8(3), pp. 435-439.

Wang, Y., Newport, R. and de C Hamilton, A.F. (2011) 'Eye contact enhances mimicry of intransitive hand movements', Biology Letters. DOI: 10.1098/RSBL.2010.0279.

Yıldırım, S. and Tezci, E. (2020) 'Factors that influence teachers' multicultural teaching practices', OPUS International Journal of Society Researches, 16(27), pp. 13-47.

Zabetipour, M., Pishghadam, R. and Ghonsooly, B. (2015) 'The Impacts of Open/closed Body Positions and Postures on Learners' Moods', Mediterranean journal of social sciences. DOI: 10.5901/MJSS. 2015.V6N2S1P643.

Zhang, Q. and Yu, Z. (2023) 'A Bibliographic Review and Meta-Analysis of the Effect of Teaching Behaviors on Learners' Performance in Videotaped Lectures', Education Research International. DOI: 10.1155/2023/9292513.Processing of Student's Body-Language'.